ستراتژیی ئێمه

بۆ

وێستمینستەرێکی

دادپەروەتر

2022-26







City of Westminster

وێستمینستەرێکی
دادپەروەتر

ستراتیژی ئێمە بۆ وێستمینستەرێکی دادپەروەرتر

وێستمینستەری دادپەروەرتر یەکێک لەو شارانەیە کە دانیشتوانی بڕیاردەری سەرکین و بۆ دیاریکردنی داهاتووی شارەکە یارمەتیدەرن، چونکە دەنگیان دەبیسترێت. بە کارکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێوە، دەتوانین شارێکی گشتگیرتر دروست بکەین کە شانازی بە کۆمەڵگەی هەمەچەشنیەوە بکات، و دانیشتووان و کرێکاران و سەردانکەران لە هەموو پاشخانێک هەست بە بەخێرهاتن و پارێزراوی بکەن.





ئێمە دەتوانین ئەم دۆکیومێنتانە بەم زمانانە وەربگێڕێنینەوە:

- Arabic (عربي)
- Bengali (বাংলা)
- Portuguese (Português)
- Kurdish (کوردی)
- Spanish (Español)

ئەگەر هەر پرسیارێکی ترت هەیە، تکایە ئیمەیڵمان بۆ بنێرە بەم ناونیشانە:
communications@westminster.gov.uk



چالاکییە کولتوورییەکان، درفەتەکانی فێربوون، شوێنی گشتی بە کوالیتی بەرز و دابینکردنی خانووبەرە بە شێوەیەک دانیشتووان لە ئەولەویەتدا بن، بووە بە هۆی ئەوەی کە وێستمینستەر وەک یەکێک لە باشترین شوێنەکان بۆ تێدا گەورەبوون و ژیان بناسرێت.



خزمەتەکانی ئەنجومەنەکەمان ڕووننتر دەبن، دەسگەیشتن پێیان ئاسانتر دەبێت و کاریگەرتر دەبن، خەڵک دڵنیا دەکاتەوە کە ئەوان پارێزراو دەبن و دەتوانن پشتگیریی پێویست وەربگرن. خزمەتەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی، خۆشگوزەرانی و تەندروستی گشتیمان، بە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی خۆبەخش، یارمەتی دانیشتووان دەدات بۆ ئەوەی تەمەنێکی درێژتر و بە باشی لە کۆمەڵگاکەیاندا بژین.



ئێمە بە بەرزەفڕیەوە ڕووبەڕووی باری نائاسایی کەشوهەوا دەبینەوە، ئامانجامان ئەوەیە تا ساڵی 2030 ئەنجومەنێکی سفری پاکمان ببێت و لەگەڵ هاوبەشەکانمان کار دەکەین بۆ ئەوەی تا ساڵی 2040 شارەکەمان ببێتە شارێکی سفری پاک. بینای کارامە ئەولەویەتی یەکەمی کارەکانمان دەبێت لە بواری کەشوهەوادا، لەگەڵ دانیشتووان و بازرگانەکان هەوڵ دەدەین بۆ دڵنیابوون لەوەی ماڵ و دوکان و ئۆفیسەکانمان کەمتر وزە بەکاردەهێنن و پشت بە سەرچاوەی پاکتر دەبەستن. ئێمە بڕەو دەدەین بە گەشتی چالاک و ئیمکانیاتی گواستنەوەی بەردەوام بۆ پشتگیریکردن لەم هەوڵانە و دروستکردنی گەڕەکی سەوز، هەوای پاکتر و ژیانێکی تەندروستتر.

ئێمە پەرە بە ئابووریەکی بەردەوام و بەهێز دەدەین کە گەشەیەکی گشتگیر فەراهەم دەکات و پشکی دانیشتووان لە سەرکەوتنی ئابووریی شارەکەدا زیاد دەکات لە هەمان کاتیشدا پشتگیری لە ڕۆڵی ناوازەی وێستمینستەر دەکەین لە لەندەن و ئابووری نیشتمانیدا. بازرگانییە ناوخۆییەکان و شەقامە سەکیەکان لە کاتە سەختەکاندا پشتگیری دەکرێن، سوود بە کۆمەڵگا ناوخۆییەکان دەگەیەنن، و کاردەکەین بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانیەکان و پشتگیریکردنی دانیشتووان و بازرگانەکانمان لەم بارودۆخەدا کە تێچووی ژیان زیاتر بووە.



ئەو دەرەنجامانەی کە ئێمە بۆ وێستمینستەر دەمانەوێت

ئێمە دەمانەوێت هەمووان لە ئاواتە سەرەکییەکانمان تێبگەن، کە بۆ دابینکردنی زانیاری بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنەکە بەکاردەهێنرێن.

کۆمەڵگەی دادپەروەرتر



- هەژاری و نایەکسانی کەم دەکرێنەوە- ئەمەش وێستمینستەر دەکاتە شوێنێکی تەندروستتر و یەکسانتر.
- شار شوێنێکی ئەمنە کە تێیدا ڕێگری لە هەر جۆرە جیاوازیدانانێک دەکرێت و هەمووان هەست بە بەخێرهاتن دەکەن.
- وێستمینستەر خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی و چاودێری کۆمەڵایەتی زۆر باش و دەرفەتی چالاکیی جەستەیی پێشکەش دەکات کە بە هەموو گەورەکان دڵنیایی دەدات بە تێپەڕبوونی تەمەنیان دەتوانن گەشە بکەن و تەندروست بمێننەوە.
- دەرفەتی کولتووری و فێربوون، کۆمەڵگەی چالاک، و قوتابخانەی زۆر باش لە شاری وێستمینیستەر بوە بەهۆی ئەوەی کە ئەم شارە ببێتە شوێنێکی زۆرباش بۆ گەوەبوونی منداڵان.
- ڕێکخراوەکانی کەرتی کۆمەڵایەتی و خۆبەخش دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە لە وێستمینستەر گەشە بکەن.

خانووبەرەی دادپەروەرتر



- پێداویستییەکانی خانووبەرەی دانیشتووان، خێزانەکان و بەکارهێنەرانی چاوەدێری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی دابینکردنی خانووبەرەی سەوزتر و گونجاوترەوە دابین دەکرێت، کە زۆربەیان بۆ کرێی ئەنجومەنە و ئامانج ئەوەیە 70%ی گەشەپێدانی مڵکەکانی ئەنجومەن بگرێتەوە.
- بە پشتگیری زیاتر، کەسانی بێخانوو کەمتر دەبن.
- مۆڵکی کرێ لە کەرتی تایبەت بە باشی بەڕێوەدەبرێن.
- کرێچیەکانمان بەردەوام لە خزمەتەکانی نیشتەجێبوونمان، و باشتربوونی بارودۆخ و کارایی وزەی خانووبەرەمان ڕازی دەبن.

ئابووریی داتاپەروەرتر



- وێستمینستەر لە ڕووی ئابوورییەوە سەرکەوتوو دەمێنێتەوە، لەڕێگەی ئابووریيەکی هەمەچەشن، بەردەوام خۆڕاگر، وە لە ئێستا و لە داهاتوو دەبێتە هۆی گەشەکردن و سوودگەیاندن بە هەموو دانیشتوانەکەی.
- شەقامی ئۆکسفۆرد (Oxford) و وێست ئێند (West End) دووبارە زیندوو دەکرێنەوە، پێگەی خۆیان لە ئابووری نیشتمانیدا دەپارێزن، و دڵنیاییتان پێ دەدەن کە پێشنیار و ئەزموونێک پێشکەش دەکەن بە دانیشتوان، بازرگانان، کرێکاران و سەردانکەران کە پلەی جیهانی هەبێت.
- بیزنسە بچووکەکان پشتگیری دەکرێن بۆ ئەوەی گەشە بکەن و بمێننەوە، لە هەمانکاتیشدا شەقامە سەرەکییەکانی ناوچەکەمان ئامادەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داهاتوو، بۆ ئەوەی لە دڵی کۆمەڵگادا زیاتر زیندوو بن و دەستڕاگەیشتن پێیان ئاسانتر بێت.
- دانیشتووانی ئەم شارە شارەزایی باشیان هەیە بۆ سوودوەرگرتن لە دەرفەتەکانی دامەزران و پەرەپێدانی پیشەی سەرکەوتوو.

کۆمەڵگەی داتاپەروەرتر



- ئەنجومەنەکە ڕێوشوێنی بەرزەفڕانە دەگرێتەبەر سەبارەت بە گۆڕانی کەشوهەوا، ئامانجی ئەوەیە تا ساڵی 2030 ببێتە ئەنجومەنێکی سفری پاک و تا ساڵی 2040 ئەم شارە ببێتە شارێکی سفری پاک.
- ئەم شارە ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە بەرچاو دەگرێت بۆ ئەوەی بەرکەوتنی دانیشتووان و سەردانکەران بە پیسبوونی هەوا کەم بکاتەوە.
- شەقامەکانی وێستمینستەر پاکتر و سەلامەتتر دەبن، خزمەتگوزارییەکانمان تەکنەلۆژیای پاک بەکاردەهێنن، و ریسایکلکردن زیاتر دەکرێت.
- خەڵک دەستیان دەگات بە فەزا، دوکان، خزمەتی خۆبەخش، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و خۆشگوزەرانی سەوزی بە کوالیتی بەرز و سەوز کە مەودای نێوان ئەوان و ماڵەکەیان 15 خولەکە.
- دانیشتووان، کرێکاران و سەردانکەران تواناییان پێ دەبەخشرێت و هان دەدرێن بە شێوەی چالاکتر و سەقامگیرتر لە سەرانسەری وێستمینستەر گەشت بکەن.

ئەنجومەنی داتاپەروەرتر



- خەڵک دەتوانن بە شێوەی ئاسانتر دەستیان بگات بەو زانیاری و خزمەتانە کە بۆ باشترکردنی ژیانیان پێویستیانە.
- ئێمە بڕیارەکان بە شێوەیەکی ڕوونتر دەدەین بە شێوەیەک کە دانیشتووان هەست بکەن گوێیان لێدەگیرێت.
- ئێمە لە ڕووی داراییەوە خۆڕاگرو و بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام بین لە پشتگیریکردنی دانیشتووان و بازرگانەکان.
- دابینکەرانمان بەرپرسیارن و مامەڵەی ئەخلاقی لەگەڵ خەڵکدا مسۆگەر دەکەن، و چالاکیی وەبەرهێنانمان کاریگەرییە ژینگەییەکان لە بەرچاو دەگرێت.

ئێمە چۆن وێستمینستەرێکی دادپەروەرتر دروست دەکەین

لە دروستکردنی وێستمینستەرێکی دادپەروەرتردا گرنگ تەنها ئەو شتە نیە کە ئێمە دەمانەوێت بە دەستی بهێنین، ئەوەیش لە بەرچاو دەگرین کە بۆ ئەم دەرەنجامانە گرنگن و چۆن پێکەوە داهاتووی خۆمان دروست دەکەین.

ئێمە دەمانەوێت وێستمینستەرێکی دادپەروەرتر دروست بکەین چونکە دەمانەوێت هەموان گەشە بکەن و سوود لە شارەکەمان وەربگرن.

بۆ ئەم مەبەستە پابەند دەبین بەم بەهایانەی خوارەوە و لە میساقی بەشداریی کۆمەڵایەتیماندا لەبەرچاویان دەگرین. میساقەکە ئەو ڕێگایانە دەخاتە ڕوو کە ئەفسەرانی ئەنجومەن لە پێشی دەگرن بۆ ئەوەی دانیشتووانی شارەکە لە پرۆسەی بڕیاردانیدا بەشدار بن.





کراوەیی و شەفافیەت

زۆر گرنگە کە کۆمەڵگاکەمان متمانەی هەبێت کە ئەنجومەن بەرژەوەندیەکانی ئەوان لە ئەولەویەتدا دادەنێت. بە ڕاستگۆبوون و بە پێکەوە کارکردن بۆ پەیداکردنی چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوویان دەبینەوە، دەتوانین ئەمە بەدەست بهێنین. هەندێک لەو ڕێگایانەی کە ئێمە بۆ کراوەبوون و شەفافبوون کە پێشی دەگرین بریتین لە:

- بڵاوکردنەوەی زانیاری تایبەت لەسەر ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدەین، ئێوە بە ئاسانی دەستتان بەو زانیاریانە دەگات کەوایە دەتوانیت لێپرسینەوەمان لێ بکەیت سەبارەت بەوەی کە بۆ چی ئەنجامی کارەکانمان دژی پابەندبوونمانە.

- هاوبەشکردنی ئەو زانیاریانەی کە لەبەردەستماندایە – و هاندانی ئەو لایەنانەی دیکە کە سەبارەت بە لەندەن داتای گرنگیان هەیە بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشداری بکەن – بۆ ئەوەی بتوانین شیکاری، تێگەیشتن و داهێنان بکەین.



هاوبەشی و هاوکاری

کۆمەڵگاکەمان و هاوبەشەکەانمان لە کەرتی حکوومی، تایبەت و خۆبەخش شارەزایی و زانیاریی قوولّیان لەسەر کۆمەڵگاکەی،ان هەیە کە ئەمە یارمەتیدەرە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کارەکانمان تا ئەو جێگایەی کە ئیمکانی هەیە کاریگەر بن.
هەندێک لەو ڕێگانە کە ئێمە وەک هاوبەش کار دەکەین بریتین لە:

- دامەزراندنی ئەنجومەنی کەشوهەوا، قسەکردن بۆ خەڵکی ناوچەکە لەسەر چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا لە شارەکەدا.
- بەکارهێنان و فراوانکردنی پانێڵی توێژینەوەی نیشتەجێبوومان کە بەم دواییە دامەزراوە بۆ تاقیکردنەوەی بەهێزی بیرۆکە نوێکان.



هەمەچەشنی و گشتگیری

ئێمە تەنها لە حاڵەتێکدا دەتوانین وێستمینستەرێکی دادپەروەرتر دروست بکەین کە دڵنیا بین بۆچوونە جیاوازەکان دەبیسترێن. ئێمە شانازی دەکەین بە هەمەچەشنی و بڕەوی پێ دەدەین و دڵنیایی دەدەین کە هەر بڕیارێک بدرێت بە ڕاوێژ لەگەڵ دانیشتووانەکانی دەدرێت. هەندێک لەو ڕێگایانەی کە ئێمە بەکاری دەهێنین بۆ پەرەپێدانی هەمەچەشنی و گشتگیری بریتین لە:

- ڕۆڵگێڕان وەک خاوەنکارێکی پشتیوان بۆ هێزێکی کار کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگاکانی وێستمینستەر دەکات و پابەندە بە هەمەچەشنی و گشتگیری.
- چارەسەرکردنی نایەکسانی بە داڕشتنی ئامانجی نوێی یەکسانی بۆ ساڵی 2022 تا 2024 و بە شەفافبوون لەبارەی چۆنیەتی پێوانەکردنی کاریگەرییەکانیان.

تا ئێستا چ گۆڕانکارییەکمان کردووە؟

کۆمەڵگەی دادپەروەرتر



ئەکاونتی چاودێری کۆمەڵایەتیی دیجیتاڵیمان ڕێخست بۆ ئەوەی دانیشتووان بتوانن بودجەی خۆیان بەڕێوەببەن و خزمەتەکانی چاودێری بە شێوەی ئۆنلاین بکڕن.



3 ملیۆن پاوەندمان تەرخان کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆخی تەندروستیە کە بەهۆی پەتای کۆرۆناوە دروست بووە، بۆ نموونە بۆ سەلامەتی دەروونی، بێخانووبوون و ناچالاکیی جەستەیی.



لە ڕێگەی بەرنامەی نوێی پشتگیری لە یونیفۆرمی قوتابخانەماندا یارمەتیی خێزانی 770 منداڵمان داوە و تێچووی فۆرمی نوێی قوتابخانەمان بۆیان دابین کردووە.



بەرهەمی خۆڕاییمان لە کتێبخانەکانماندا دابین کردووە بۆ ئەوەی بەربەستی دارایی بۆ دەستڕاگەیشتن پێیان لابەین.

خانووبەرەی دادپەروەرتر



ئێمە بەرنامەی سەردانی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژانی پێنجشەممان دانا، سەردانی 1900 ماڵمان کرد بۆ ئەوەی بزانین دانیشتوان چ کێشەیەکیان هەیە.



بە شێوەیەکی کاتی سیاسەتی گواستنەوەی بێخانووەکان بۆ خانووی بەکرێگیراو لە کەرتی تایبەت بەبێ ڕەزامەندیی خۆیانمان ڕاگرت.



دەستبەجێ بەرنامەی ئەنجومەنمان بۆ فرۆشتنی خانووەکانی ئەنجومەن لە بازاڕی کراوەدا ڕاگرت و فەرمانی پێداچوونەوەی بەپەلەی ئەم سیاسەتەمان دا.



ڕۆڵێکی تایبەتمان لە ئەنجومەنەکەدا دیاری کرد بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی خانووە چۆڵەکان لە وێستمینستەر

ژینگەی دادپەروەرتر



پێشانگای چۆنیەتی پاشەکەوتکردنی وزە لە ماڵەومان بەڕێوە برد بۆ نیشاندانی شێوازی باشترکردنی کارایی وزە بە دانیشتووان و خاوەنخانووەکانی شارەکە



لە ڕێگەی پیلۆتە هەستیارەکانی کوالیتی هەوا و SmogMobile ـەوە زانیاریمان بڵاوکردەوە سەبارەت بە کاریگەرییەکانی پیسبوونی هەوا



لای حکومەت لۆبیمان کرد بۆ دابینکردنی بودجەی زیاتر بۆ TfL و هەڵمەتێکمان دانا بۆ ئاگادارکردنەوەی دانیشتوان لە گۆڕانکارییە پێشنیارکراوەکان لە ڕێگەکانی هاتووچووی پاسەکاندا.



لەگەڵ گروپەکانی پاسکیلسواری و TfL لە ناوچەکە کۆبوونەوە بۆ پلاندانان و دیاریکردنی ڕێگا نوێکانی پاسکیلسواری سەلامەت



خزمەتی ریسایکلکردنی پاشماوەی خۆراکمان ناساند بە 6500 ماڵ بۆ باشترکردنی ڕێژەی ریسایکلکردن



لە ڕۆژی تایبەت بە تێکۆشان لەپێناوی کەشوهەوادا کە لە مانگی جوولای لە Ebury Bridge بەڕێوە چوو لەگەڵ نزیکەی 30 دانیشتووی شارەکە قسەمان کرد بۆ پێشاندانی ئەو ڕێگایانەی کە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە ڕووبەڕووبوونەوەی باری نائاسایی کەشوهەوادا



بەڵێنی سندووقی کەشوهەوای ناوچەی Green Finance Institute مان واژۆ کرد و بەم کارە ئەنجومەنەکەمان هەنگاوێک نزیک کردەوە لە جێبەجێکردنی پابەندبوون بە کاربۆنی سفری پاک



دەستەی ئەرکی گونجاندنەوەمان دامەزراند بۆ ڕێنماییکردنی ئەنجومەن و خاوەنبیناکان سەبارەت بە نەهێشتنی کاربۆن لە مولکی بازرگانی و مولکی نیشتەجێبوون لە وێستمینستەر



پاکێجێکی 1.35 ملیۆن پاوەندیمان خستەڕوو بۆ پشتگیریکردنی زیاتر لە 8,000 منداڵ و گەنج. ئەم منداڵانە دەتوانن لە 5900 شوێندا دەستیان بگات بە خواردن و چالاکییەکان و هەروەها لە ڕۆژانی پشوودا ڤۆچەری ژمەی بەخۆڕایی قوتابخانە وەربگرن.



ستراتژیی لەخۆگرتنی قوتابخانەمان لە دوو ناوچە خستە کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی کە هەندێک گرووپی دیاریکراو لە منداڵان و گەنجان بەهۆی دابران و بێبەشبوونەوە بە شێوەیەکی نەگونجاو زیان ببینن.



پێشوازیمان لە 140 کەسی ئۆکراینی کرد کە تازە هاتبوون و زانیارییمان پێیان دا سەبارەت بەوەی چۆن دەتوانن لە شارەکە نیشتەجێ بن

ئابووریی دادپەروەرتر



پێشبڕکێیەکمان بۆ خوێندکارانی ناوچەکە لە بازاڕی مایدا هیڵ بەڕێوەبرد بۆ ئەوەی بە کردەوە ئەزموونی بازرگانی کردن بە دەست بهێنن



سەرکردایەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو دوکانانەی شیرینیفرۆشیمان کرد کە شەقامی ئۆکسفۆرد و ناوچەکانی دیکەیان تێک دابوو



داوامان لە سەرۆکی شارەوانی لەندەن کرد کە Harrow Road وەک ناوچەیەکی بازرگانیی داهێنەرانەی دەستنیشان بکات، بۆ پاراستن و گەشەپێدانی ئابووریی داهێنەر و کولتووری و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ دانیشتووان



بە سەرکەوتوویی لای حکومەت لۆبیمان کرد بۆ پاراستنی شەقامە سەرەکییە گرنگەکانی ناوچەکە، وەک Harrow Road، بۆ ڕێگرتن لە گۆڕینی بڕیارەی دووکانە چکوولەکان بۆ شوێنی نیشتەجێبوون




ڕێگای Harrow 470 Roadمان بۆ شەریکەی کۆمەڵایەتیی Rebel Business School بۆ ئەوەی وەک یەکەم قوتابخانەی بازرگانی فیزیکی و تەواو بەخۆڕایی بە کاری بهێنێت

ئەنجومەنی دادپەروەرتر



زیاتر لە 100 شوێنی نەگونجاومان بۆ فرێدانی نایاسایی پاشماوە دۆزیەوە بۆ ئەوەی بۆ چارەسەرکردنیان هەنگاو هەڵبگرین



پاکێجێکی پشتگیری سەرمایی بە بڕی 5.6 ملیۆن پاوەندیمان لەبەرچاو گرت بۆ یارمەتیدانی ئەو خێزانانەی وێستمینستەر کە بەرزبوونەوەی تێچووی ژیان بوەتە هۆی ئەوە ژیان بۆیان ئەستەم بێت



تا ئێستا، داشکاندنی 150 پاوەندیی باجی ئەنجومەنمان بۆ 50,213 ماڵ دەرکردووە



سەرکردایەتی ئەم هەڵمەتەمان لە سەرتاسەری لەندەن کرد بۆ پاراستنی بوودجەی شارەکەمان کە ئەگەری ئەوە هەبوو دوایین ئەنجامی سەرژمێری کاریگەریی نەرێنی لەسەری دابنێت



بوودجەمان تەرخان کرد بۆ کرێکاری زیاتری دەزگای ڕاوێژکاری هاوشارییان لە وێستمینستەر بۆ چارەسەرکردنی بەرزبوونەوەی داخواز بۆ ئەم خزمەتە بەهۆی زیاتربوونی تێچووەکانی ژیان



دەستمان کرد بە جێبەجێکردنی بەڵێنی خۆمان بۆ ئەوەی خەڵک بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بکەن، یەکەم کۆبوونەوەمان لە ڕۆژی ویندرۆش (Windrush) دا بوو و پێتەر ستراکەر بۆ هەموو ئەندامانی ئەنجومەن قسەی کرد

FUTURE OF WESTMINSTER

پڕۆژەی داهێنەرانەی کۆمیسیۆنی داهاتووی وێستمینستەرمان خستە گەڕ کە گرنگی بە هێنانی بیرۆکە و دیدگای نوێ دەدات، بۆ دڕووستکرنی وێستمینستەرێکی دادپەروەرتر بۆ دانیشتووان و ئیشوکارەکان

بەدیهێنانی وێستمینستەرێکی دادپەروەرتر

وێستمینستەرێکی دادپەروەتر پێویستی بە کاری زۆر دەبێت، و بە شەوێک نایەتە دی. بەڵام پێکەوە هەوڵ دەدەین کە بەدیی بهێنین. لێرەدا هەندێک لەو پڕۆژانە دەخەینەڕوو کە لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا کاریان لەسەر دەکەین:

کۆمەڵگەی دادپەروەرتر

- بەرەنگاربوونەوەی برسێتی منداڵان لە ڕێگەی چالاکییە پەرەپێدراوەکانی ڕۆژانی پشوو و بەرنامەکانی خۆراک و بەهێزکردنی پرۆسەی دابینکردنی نانی بەیانیان لە یانەکانی ناوچەکە.
- دەستپێکردنی ستراتیژی نوێی ActiveWestminster بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنێتی بەردەوامبوونمان لە پشتگیریکردنی خەڵک بۆ بەڕێوەبردنی ژیانێکی چالاک و تەندروست.
- پەرەپێدانی بەرنامەی بێمەترسیبوونی شەوانەی وێستمینستەر بۆ باشترکردنی پارێزراوبوونی بۆ ژنان و کچانی شارەکە.
- دەستڕاگەیشتی زیاتر بە چالاکیی جەستەییەکان لە ڕێگەی ناوەندە نۆژەنکراوەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیمان، زەوی یاریکردن و هۆڵەکانی وەرزشی دەرەوە.
- لێکۆڵینەوە لەوەی کە چۆن دەتوانین ئەو خزمەتانە باشتر بکەین کە لە سەنتەری منداڵانی بەیسواتەر بەردەستن بۆ ئەوەی سەرەتای ژیانی منداڵان بە باشترین شێوە دەستپێبکات.
- باشترکردنی توانێتە گشتیەکانمان لەوانە کردنەوەی دووبارەی توانێتەکانی بازاڕی مایدا هیڵ، نوێکردنەوەی توانێتی ئۆتۆمات لە شەقامی بڕۆدویک و پشکنینی توانێتە کاتیەکانی وێست ئێند.

خانووبەرەی دادپەروەرتر

- پێداچوونەوەی ڕێژەی خانووی گونجاو لەو پڕۆژانەدا کە خریکین جێبەجێیان دەکەن، وەک بەشێک لە هەوڵەکانمان بۆ زیادکردنی ئاستی بەردەستبوونی خانووبەرەی گونجاو و کەمکردنەوەی کاتی لیستی چاوەڕوانی بۆ خانوو.
- ئەنجامدانی تێستی MOT لە هەموو موڵکەکانماندا بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ڕووپێوکارەکانمان هەموو کێشەیەک دەستنیشان دەکەن و چارەسەریان دەکەن.
- نۆژەنکردنەوەی 360 خانووی ئەنجومەن بۆ ئەوەی کارایی وزەیی باشتر بێت.
- کارکردن لەسەر پڕۆژەی دادپەروەری بۆ کرێچیەکان بۆ وەرگرتنی کەیسەکانی فەرمانی گەڕاندنەوەی کرێ، وەرگرتنەوەی کرێ بۆ کرێچیەکان لەو شوێنانە کە ئەو خانووانەی کە چەند دانیشتوویان هەیە (HMOs) مۆڵەتیان پێ نەدراوە.









خانووبەرەی دابەروەرتر

- دەستپێکردنی سیاسەتی ئەزموونی کاری شەریکەیی لە ئەنجومەندا بۆ یارمەتیدانی گەنجان بۆ پەرەپێدانی شارەزاییەکانی دامەزران و کاردۆزینەوە.
- پەسەندکردنی سیاسەتی تایبەت بە قومار بۆ پاراستنی دانیشتووان و سەردانکەرانی لاواز لە زیانەکانی پەیوەست بە قومارکردن.
- پەیوەستکردنی موڵکی زیاتر لە وێستمینستەر بە بەرینباندی تەواو فایبەرەوە بۆ باشترکردنی ئینتەرنێت بۆ خەڵکی سەرتاسەری شارەکە.
- بڵاوکردنەوەی ستراتیژی نوێی گەشەپێدانی ئابووری بۆ ئەوەی نیشان بدەین کە چۆن ئابووری وێستمینستەر دابەروەرتر و سەقامگیرتر و سەرکەوتوتر دەکەین بۆ سەدەی داهاتوو.
- وازهێنان لە دابینکردنی پشتیوانیی دامەزراندن بۆ ئەو خاوەنکارانە کە پابەند نابن بە پێدانی کەمترین داهات بۆ ژیان لە لەندەن.
- فراوانکردنی بەرنامەکانی پۆپ -ئاپ بۆ ئەوەی یەکە چۆڵەکانی وێست ئێند دووبارە بە کار بهێنرێن.
- دەستپێکردنی پلانی "بەرهەمی وێستمینستەر" بۆ بۆ ئەوەی دانیشتوانی سەرووی 16 ساڵ بتوانن بڕوانامە و ئەزموون بە دەست بهێنن تاوەکوو بتوانن ئیش و کاری تایبەت بە خۆیان بخەنە ڕێ.

ژینگەی دابەروەرتر

- ناساندنی 600 شوێنی دیکەی پارێزراو بۆ پارککردنی پاسکیل تا کۆتایی مانگی مارچی 2023 بۆ هاندانی زیاتری خەڵک بۆ پاسکیلسواری.
- دانانی 1000 وێستگەی تری شەحنکردنەوە بۆ ئۆتۆمبێلە کارەباییەکان تا ساڵی 2024 بۆ ئەوەی خەڵک هان بدەین بەرەو گەشتکردن بە ئەو ئامرازانەی گواستەوە کە گازی ژەهراوی کەمتر دەردەدەن.
- دەستپێکردنی میساقی شاری سەقامگیر، وەک پابەندییەکی گشتی بۆ هاندانی هەوڵ و تێکۆشان لە سەرانسەری شارەکەدا بۆ چارەسەرکردنی کاریگەرییە کاربۆنیەکانی بیناکانمان و بۆ دەستبەرکردنی سەقامگیرییان.
- تەواوکردنی ڕێوشوێنی دابەروەرانەی ژینگەیی بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن دەتوانین ئەو بەربەستانە لاببەین کە دانیشتووان ڕووبەڕووی دەنبەوە بۆ دەستڕاگەیشتن بە شوێنە سەوزەکان، گواستنەوەی سەقامگیر و ریسایکلکردن.
- دامەزراندنی بۆندی وەبەرهێنانی شارەوانی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی دانیشتووان بتوانن وەبەرهێنان بکەن لەو پڕۆژانەی کە تایبەتن بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا.
- هاوکاریکردن لەگەڵ کۆمەڵگاکان و دانیشتووان لەسەر پڕۆژەکانی سەوزکردن لە سەرانسەری شارەکەدا.

ئەنجومەنی دابەروەرتر

- بەردەوامبوون لە یارمەتیدانی دانیشتووان بۆ دەستڕاگەیشتنیان بەو پشتگیریرییانە کە بۆ تێچووی ژیان لەبەرچاو گیراوە و لەبەردەستیاندایە
- پێداچوونەوەی ستراتیژیی دابینکردن و ڕاسپاردنی بەرپرسیارانە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەڵێندەران و دابینکەرانمان پشتگیری ستراتیژیی ئێمە بۆ دروستکردنی وێستمینستەرێکی دابەروەر دەکەن.
- بڵاوکردنەوەی بەیاننامە ئێمە لەبارەی کۆیلایەتی مۆدێرن بۆ خستنەڕووی ئەو ڕێگایانەی کە دەیگرینە بەر بۆ کەمکردنەوەی مەترسی ڕوودانی کۆیلایەتی لە زنجیرەی دابینکردنماندا.
- واژۆکردنی بەڵێنی باجی دابەروەرتر، کە لەو ڕێگەیەوە داوا لە دابینکەرانمان دەکەین کە بڕی گونجاوی باج لە شوێنی گونجاو و لە کاتی گونجاودا بدەن.
- خستنەگەڕی سەنتەری نوێی پەیوەندی کۆمپانیاکانی ناوچەکە بۆ باشترکردنی خزمەتی تایبەت بە کڕیارەکانمان، کەمکردنەوەی تێچوونەکان و دروستکردنی هەشت هەلی کار بۆ دانیشتووان.
- ڕاوێژکاریکردن لەسەر بەیاننامەیەکی نوێی بەشداریکردنی کۆمەڵگا کە ڕوونی دەکاتەوە کۆمەڵگەکان چۆن دەتوانن لە پلاندانان بۆ بابەتەکاندا بەشداری بکەن.



هاوکاری بکە

هەرکام لە ئێمە ڕەوڵی خۆمانمان هەیە کە دڕووستکردنی وێستمینستەرێکی دادپەروەرانەدا. لێرەدا چەن ڕێکار وتراوە بۆ ئەوەی چۆن بەشداری بکەین و چۆن دەنگمان ببیسرێت:

بۆ زانینی نوێترین هەواڵەکان و بەدەسهێنانی زانیاری سەبارەت بە بۆنەکان، سەردانی وێبسایتەکەمان بکە یان ناوت تۆمار بکە بۆ وەرگرتنی هەواڵەکان:
www.westminster.gov.uk/news

کۆبوونەوەکانی داهاتووی ئەنجومەن و لێژنەکانی بڕیاردان:
www.westminster.gov.uk/committees

ئەو ڕاوێژکاریانە یان پێشنیارانە کە ئەگەری زۆرە کاریگەرییان لەسەر دانیشتووان و کارەکانمان هەبێت:
www.westminster.gov.uk/about-council/consultations

بۆ ئەوەی ببیت بە ئەندامیکی پانێلی توێژینەوەی نیشتەجێبووان ناوی خۆت تۆمار بکە – کۆمەڵێک دانیشتوو کە بانگهێشت دەکرێن بۆ پێداچوونەوە و فیدباک لەسەر سیاسەت و پڕۆژەکانی ئەنجومەن:
www.westminster.gov.uk/resident-research-panel

لە ئەنجومەنی کراوەی ئێمە بەشداری بکە و ڕای خۆت بڵێ:
www.westminster.gov.uk/about-council/open-forum

ببە ئەندامی کۆمەڵەی ئاسوودەیی ناوچەکەت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوسێکانت و بەشداریکردن لە بڕیارەکانی پلاندانان لە ناوچەکەت:
www.westminsteramenitysocietiesforum.org

هەست و گیانی کۆمەڵایەتی لە گەڕەکەکەتدا پەروەردە بکە و نوێنەرایەتی دراوسێکانت بکە بە بەشداریکردن لە ئەجومەنی دانیشتوانی ناوچەکەت:
www.westminstercommunityinfo.org/subjects/residents-associations.html